رێبەری پراکتیکی بۆ پارێزەر 6

# رێبەر بۆ
# جێبەجێکردنی بڕیارو قەواڵە

ئامادەکردنی: پارێزەر جەمال صدرالدین

**بابەتی یەکەم: ئامانج و بنەماکانی یاساکە:**

ئەم یاسایە ئامانجی پاراستنی مافی دەوڵەت و هاولاتیانە لەگەڵ ئاسانکردنی جێبەجێکردن و هاندانی هاولاتیان کە بەرەزامەندی خۆیان بریارو قەواڵەکان جێبەجێ بکەن , ڕێز لە سەروەری یاسا بگرن بەمەبەستی سەقامگیری مامەڵە یاساییەکان لە نێوانیاندا.

وە بنچینەکانیشی بریتین لە :-

1. ڕاگرتنی هاوسەنگی لە نێوان بەرژەوەندی خاوەن قەرز کە مافەکەی وەربگرێت وە قەرزار کە موڵك و ماڵی بێ هۆ نەبرێت وە ڕەچاوی لایەنی مرۆیی و کۆمەلایەتی و ئابوری بکرێت .
2. ئاسانکردنی جێبەجێکردن و پێشخستنی هۆکارەکانی بەشێوەیەك کە ڕێگر بێت لە دیاردەی پەکخستن و دواخستنی جێبەجێکردن , هەروەها کاروباری دارایی و کارگێری پێشبخرێت و تازەترین هۆکار بەکار بهێنرێت بۆ پێشکەشکردنی باشترین خزمەتگوزاری .
3. پێکهێنانی بەرێوەبەرایەتی تایبەتمەند بۆ جێبەجێکردن لەسەر بنەمای زانستی بۆ باشتر بەرێوەبردنی کارەکان .

**بابەتی دووەم: ئەم یاسایە چی جێ بەجێ دەکات:**

1. بریارو قەوالکان
2. بریاری بیانی کە شیاوی جێبەجێکردن بێت لە عێراقدا
3. ئەوەی دەقێکی یاسایی لەسەر بێت لە یاسایەکی تردا

وە بریاری دەرچوو لە دادگاکانی عێراق بەپێی ئەم یاسایە جێبەجێ دەکرێت وە ئەگەر ناروونی هەبوو جێبەجێکاری داد دەتوانێت داوای ڕونکردنەوە لە دادگا بکات , ئەگەر بەباشی زانی دەتوانێت لایەنەکان تێگەیەنێت کە سەردانی دادگا بکەن , بەلام ئەوبەشەی کەروون بێت دەبێت جێبەجێ بکرێت.

وە بریاری گوێرایەڵی ژن بۆ مێردەکەی تەنها بە ئاگادارکردنەوەی دەبێت . وەبریارێکی بیانی لە عێراق جێبەجێ ناکریت ئەگەر شیاوی جێبەجێکردن نەبێت بەپێی یاسا.

وە مافی قەواڵەکان جێبەجێ دەکرێت بەپێی ئەم مەرجانە:

1. کاتی دانەوەی هاتبێت
2. مەرجی تێدا نەبێت
3. سەرپێچی نزامی گشتی و ئادابی گشتی نەبێت.

**بابەتی سێهەم: پێکهاتەی فەرمانگە و بەرێوەبەرایەتی جێبەجێکردن:**

لەبەغداد فەرمانگەیەك پێك دەهێنرێت بە ناوی فەرمانگەی جێبەجێکردن پەیوەستە بەوەزارەتی دادەوە کە بەرێوەبەرێکی گشتی سەرۆکایەتی دەکات کە خاوەنی بروانامەی بەکالۆریۆس بێت لە یاسادا و خزمەتی دادوەری یان یاسایی لە (12)ساڵ کەمتر نەبێت ,دەکرێت بدرێتە دادوەرێك کە پلە یەك یان دوو بێت.

وە ئەو فەرمانگەیە لەم بەشانە پێك دێت:

1. بەشی پلاندانان و سەرژمێری
2. بەشی پەیوەندییە یاساییەکان
3. بەشی دارایی
4. بەشی کارگێری

لە هەرشوێنێك دادگای بەرایی هەبێت دەبێت بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردن هەبێت.

وە لە گشت پارێزگاکان پەیوەست دەبن بەفەرمانگەی جێبەجێکردن,وە لەناو یەك پارێزگادا پەیوەست دەکرێن بە بەڕێوەبەرایەتی ناوەندەوە ,وە کەسێك بەڕێوەبەرایەتی دەکات کە خزمەتی لە (3)ساڵ کەمتر نەبێت لە دوای دەرچوون لە کۆلێژو بە جێبەجێکاری داد ناو دەبرێت.

وە ئەگەر جێبەجێکاری داد نەبوو ئەوا دادوەری دادگای بەرایی یەکەم جێبەجێکاری داد دەبێت, وەزیری داد دەتوانێت تەنسیبی هەر دادوەرێك بکات بۆ هەڵسان بەکاروباری جێبەجێکاری داد.

وە بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردن لەم بەشانە پێك دێت:

1. بەشی ئەمانەتی جێبەجێکردن
2. بەشی ژمێریاری
3. بەشی بەدواداچوون
4. بەشی پاراستن
5. بەشی کەسێتی و خزمەتی کارگێری
6. بەشی کاروباری یەکەکان

**بابەتی چوارەم: جێبەجێکردنی ئارەزوومەندانە:**

بڕیار یان قەواڵەی جێبەجێکردن پێشکەشی جێبەجێکاری داد دەکرێت ئەویش هەواڵەی وەرگرتنی ڕەسم و تۆمارکردنی دەکات دواتر بڕیار دەدات لەسەر جێبەجێکردنی یان ڕەدکردنەوەی وە ئەگەر قبول کرا فەرمانبەری تایبەتمەند کۆنوسێك ڕێدەخات ئەم زانیارانەی تیادا دەبێت:

1. ناوی داواکارو داوالێکراوی جێبەجێکردن و ناونیشانیان
2. بەرواری ژمارەی ئەو لایەنەی قەواڵەکەی دەرکردووە
3. داواکارییەکانی داواکاری جێبەجێکردن
4. واژۆی داواکاری جێبەجێکردن یان بریکارەکەی.

ئەگەر هاتوو قەواڵەی جێبەجێکراورەسمی (فەرمی) نەبوودەبێت داواکاری جێبەجێکردن لەگەڵ وێنە رەسەنەکەی (3)وێنەی کۆپیش پێشکەش بکات, وە ئەو قەواڵەیەی جێبەجێکراوە وێنەی نادرێتە هیچ کەسێك تەنها خاوەنەکەی یان نوێنەری دەتوانن داوای بکەن بە داواکارییەك کە جێبەجێکاری داد بڕیاری لەسەر دەدات و دەبێت لەسەر قەواڵەکە قۆناغی جێبەجێکردنەکە بنوسرێت.

قەرزار بۆی هەیە لەماوەی (7) رۆژدا لە دوای ئاگاداركردنی ئارەزوومەندانە قەواڵەكە جێبەجێ بكات وە دەبەخشرێت لە رەسمی بەدەستهێنان(رسم التحصيل) وە ئەگەر قەرزار خۆی داواكاری جێبەجێكردن بوو سوودی یاسایی رادەوەستێت لەسەر ئەو برەی دایدەنێت لە قەرزەكە و لە رەسمی بەدەستهێنان دەبەخشرێت.

وەزارەت و فەرمانگەكانی دەوڵەت دەتوانن لە ماوەی (30) رۆژدا لە رۆژی دوای ئاگاداركردنەوەی ئارەزوومەندانە بڕیاری جێبەجێكراو جێبەجێ بكەن و لە رەسمی بەدەستهێنان دەبەخشرێن.

وە بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێكردن بۆی هەیە پەیوەندی راستەوخۆ بكات بە گشت وەزارەت و فەرمانگەكانی دەوڵەتەوە ئەوەندەی پەیوەندی هەبێت بەكارەكانیەوە.

فەرمانبەری تایبەتمەند لە وەزارەتەكان و فەرمانگەكانی دەوڵەت بەرپرسە لە جێبەجێكردنی فەرمان وئەو بڕیارانەی بەڕێوەبەرایەتیەكانی جێبەجێكردن دەری دەكات وە بەپێچەوانەوە روبەرووی سزای یاسایی دەبێتەوە.

### بابەتی پێنجەم: جێ بەجێكردنی بەزۆر:

ئەگەر قەرزار بە ئارەزووی خۆی بڕیار یان قەواڵەی جێبەجێكراوی جێبەجێ نەكرد , ئەوكات بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێكردن هەڵدەستێت بە جێبەجێكردنی بەزۆر بەپێی ئەحكامی یاساكە,وە جێبەجێكاری داد لەكاتی پێویستدا بۆی هەیە قەرزار بەزۆر ئامادە بكات بە نوسراوێك وەك لە نمونەی ژمارە (5)دا هاتووە.

بەڵام نابێت هیچ كارێكی جێبەجێكردن لە دوای كاتژمێر (9)ی شەو تاكو (6)ی بەیانی و رۆژانی جەژن و پشووە رەسمیەكان ئەنجام بدرێت بەپێ بڕیاری جێبەجێكاری داد نەبێت لەو بارەیەوە.

دەبێت ئەوەش ئاشكرا بێت كە تایبەتمەندی شوێن نیە لە جێبەجێكردندا,بەڵام ئەگەر پێویست بوو دەتوانرێت (انابە)ی بەڕێوەبەرایەتیەكی دی بكرێت بۆ هەركارێكی جێبەجێكردن.

ئەگەر بتەوێت قەرزار ئاگادار بكەیت بە قەواڵەی جێبەجێكردن دەبێت بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێكردن بە پسوڵەی ئاگاداركردن بە جێبەجێكردن ئاگاداری بكات ناوو ناونیشانی هەردوو لایەنی دەرچوونی قەواڵكە و ناوەرۆكەكەی وە ئەوەی دەیەوێت جێبەجێی بكات بەشێوەیەكی ئاشكرا لەخۆ بگرێت.

وە دەكرێت نارەزایی بكرێت لەسەر ئەوراقی تجاری بەڵگەی دانپێدانان بە قەرزو بەڵگەی سەلمێنەری مافی كەسێتی.
وە ئەگەر یەكێك لەم قەوالانە جێبەجێكرا,دەبێت رەچاوی ئەم خاڵانە بكرێت دوای ئاگاداركردنەوە:

1. ئەگەر قەرزەكە یان مافەكەی جێبەجێكرابوو هی دەوڵەت بوو ئەوا نارەزایی قەرزار ,جێبەجێكردن دوادەخات وە دادگاش ناتوانێت بڕیاری دواخستن بدات لەم بارانەدا نەبێت:-

ا/ ئەگەر قەرزار قەرزەكەو تێچوونەكانی وەك سپاردە لە صندوقی دادگا یان بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێكردن بۆ بەرژەوەندی لایەنی جێبەجێكار دانا.

ب/ئەگەر قەرزار كەفالەتێكی بانكی یان خانووبەرەیەكی وەك بارمتەبۆ قەرزو تێچوونەكانی پێشكەش كرد.

2. ئەگەر قەرزار لە ماوەی یاسایی نارەزایی نەگرت ئەوا بەڕێوەبەرایەتی بەردەوام دەبێت لە جێبەجێكردنی بەزۆر.

3. ئەگەر قەرزار دانی نا بە قەرزەكە یان بەشێكی لەماوەی نارەزایی لەبەردەم جێبەجێكاری داددا ئەوا ئەوەی دانی پێداناوە جێبەجێدەكرێت لەسەری.

4. ئەگەر قەرزار نکوڵی کرد لەقەرزەکە هەمووی یان بەشێکی , ئەوا خاوەن قەرز تێدەگەیەنرێت کە سەردانی دادگای تایبەتمەند بکات بۆ سەلماندنی ئەو برەی کە نکوڵی لێکراوە, ئەگەر خاوەن قەرز ئەوەی سەلماند دەبێت دادگا بریار بدات بە غەرامەکردنی قەرزار بۆ خەزێنە کە لە پێنج ئەوەندەی رەسمی داواکە زیاتر نەبێت و لە دووئەوەندەی کەمتر نەبێت وە ئاگاداری وەزارەتی دارایی یان ئەو لایەنەی نوێنەرایەتی دەکات لە پارێزگاو قەزاو ناحیەکان, بکاتەوە.

5. ئەو قەرزارەی کە نەیتوانیوە لە ماوەی یاسایدا نارەزایی بگرێت بەهۆی (قوە قاهرە, حادپ فجائی و ڤرف گاری و) بۆی هەیە نارەزایی خۆی پێشکەش بە جێبەجێکاری داد بکات تاکو رۆژی بەدەستهێنانی قەرزەکە و جێبەجێکاری داد بریاری رەزامەندی لەسەر نارەزاییەکە یان رەتکردنەوەی دەدات.

ئەگەر بۆ جێبەجێکاری داد دەرکەوت لەلایەنێکی تایبەتمەند کە ئەوکەسەی دەبێت ئاگاداربکرێت شوێنی نادیارە بریاردەدات کە لەرێگەی رۆژنامەی ناوخۆی رۆژانەوە ئاگاداربکرێت ,وە رۆژی دوای بلاوکردنەوەی بە ئاگاداربوون دائەنرێت بەمەرجێك ئاگادارییەکە ناوەرۆکی قەوالەی جێبەجێکراوی تێدا بێت داوا لە قەرزار کرابێت لە ماوەی (15) رۆژدا ئامادە بێت بۆ دستکردن بە مامەڵەی جێبەجێکردن بە ئامادەیی خۆی , وە ئەگەر ئەو ماوەیە تێپەری و نەهات ئەوکات بەزۆر جێبەجێ دەکرێت.

هەرکاتێك فەرمانبەری جێبەجێکردن رووبەروور رێنەدان یان رێگری بووەوە دەتوانێت سەردانی نزیکترین بنکەی پۆلیس بکات وە هێزبەکار بهێنێت ئەگەر پێویست بوو بۆ ئەنجامدانی کارەکەی وە دەبێت بەرپرسی ئەو بنکەیە هێزیپێویست بداتە فەرمانبەرەکەو ئەگەر لەبەردەستیدا نەبوو دەبێت پەیوەندی بەسەروو خۆیەوە بکات بۆ دابینکردنی ئەو هێزە , خۆ ئەگەر هاوکاری نەکرا ئەوا ئەوکەسەی هاوکاری نەکردووە و ئەرکی خۆی جێبەجێ نەکردووە بەپێی یاسای سزادان سزا دەدرێت.

وە ئەو کەسەی رێگە نادات فەرمانبەری جێبەجێکردن کاری خۆی ئنجام بدات زامنی ئەو زیانە دەکات کە لەداواکاری جێبەجێکردن دەکەوێت سزای یاسایش دەدرێت.

ئەگەر خاوەن قەرز توانی ئەوە بسەلمێنێت کە لەوانەیەقەرزار هەڵبێت و داوای کرد کە بارمتەیەکی بۆ قەرزەکە لێوەربگیرێت ئەوا جێبەجێکاری داد ئەگەر بروای هێنا بەداواکە بریار دەدات بە پابەندبکردنی قەرزار کە بارمتە بۆ قەرزەکە پێشکەش بکات وە ئەگەر نەیکرد ئەوا بریاری رێگرتن لە سەفەری دەدات.

لە کاتی ئامادەبوونی قەرزار یەکەم جار داوای لێدەکرێت کە گشت قەرزەکە بە یەکجار بدات وە یان گشت موڵکی گوێزراوەو نەگوێزراوەو هەردستکەوتێکی تری دیاری بکات, تسوییەك بۆ دانەوەی قەرزەکە بدات کە بگونجێت لەگەڵ بری قەرزەکەو لە چوارچێوەی توانای داراییدا بێت. ئەگەر دەرکەوت قەرزار راستگۆ نییە لەو خستنەرووەی داویەتی جێبەجێکاری داد هەواڵەی دادوەری لێکۆڵینەوەی دەکات بۆئەوەی کاری یاسایی لەگەڵ بکرێت لەسەر تۆمەتی دانی زانیاری نادروست بەلایەنی فەرمی.

جێبەجێکاری دادبۆی هەیە کە بریار بدات کە تسوییەکەی پێشکەش کراوە لەلایەن قەرزار دەگونجێت لەگەڵ باری دارایی یان نا.وە ئەگەر زانی ناگونجێت ئەوا هەمواری دەکات بەوشێوەیەی کە بەگونجاوی دەزانێت لەگەڵ باری داراییدا.

ئەگەر جێبەجێکاری دادگۆرانکاری کرد لە تسوییەکەداو خاوەن قەرز رازی نەبوو پێی ئەوا دەبێت بیسەلمێنێت کە قەرزار توانای دانی تسوییەکی باشتری هەیە بە بەڵگەیەك کە جێبەجێکاری داد باوەری پێ بکات.

ئەگەر قەرزار هەڵنەستا بەجێبەجێکردنی بریارێك کە کارێکی دیاریکراو بێت وە پێویستی بە خەرجی بێت بۆ جێبەجێکردنی , ئەوا داوا لە خاوەن قەرز دەکرێت ئەوخەرجیە بدات بە مەرجێك بۆی وەربگرنەوە لە قەرزار. وە

ئەگەر خاوەن قەرز نەیتوانی بیدات یان نەیدا, ئەوا دیاری دەکرێت بەهۆی شارەزایەکەوە یان زیاتر کە فەرمانبەری تایبەتمەند دیاری دەکات و بەپێی ئەم یاسایە لە قەرزار وەردەگیرێت.

ئەگەر بەپێی ئەم یاسایە جێبەجێکردن کراو دواتر قەرزار پابەندی نەبوو بەبێئەوەی هۆی یاسایی هەبێت ئەوکات مامەڵەی جێبەجێکردن دووبارە دەکرێتەوە وە ڕێوشوێنی یاسایی لە دژی وەردەگیرێت بۆ سزادانی بەپێی یاسا.

ئەگەر بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردن زیادەی لە قەرزار وەرگرت و دای بە خاوەن قەر ز,ئەوا دەبێت بۆی وەربگرێتەوە بێ ئەوەی پێویست بەبریارێك بکات سەبارەت بەوە.

ئەگەر قەرزار مردبێت ئەوا دەبێت جێبەجێکاری داد لەلایەن خۆیەوە سوێندی خاوەن قەرز بدات بە سوێندی دەرخستن.

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردن بەردەوام دەبێت لەسەر جێبەجێکردن لەسەر میرات وە ئەگەر میراتگرەکان میراتەکەیان دابەش کرد ئەوا لەسەر هەر یەکێکیان جێبەجێدەکرێت بەپێی ئەو بەشەی هەیەتی لە میراتەکەدا دواتر ئاگاداردەکرێنەوە بە پسولەی ئاگادارکردن بە جێبەجێکردن.ئەگەر میراتگرەکان نکولیان کرد لە قەرزەکە لە دوای مردنی میراتلێگیراو وە لەکاتی جێبەجێکردنندا دەستیان گرت بەسەرمیراتەکەدا بەتەواوی یان بەشێکیو خاوەن قەرز نەیتوانی بەبەڵگەیەکی نوسراو بیسەلمێنێت دەستیان گرتووە بەسەریدا وە کۆچکردوش ماڵی دیاری نەبوو ئەوا دەبێت خاوەن قەرز سەردانی دادگای تایبەتمەند بکات بۆ سەلماندنی ئەوەی ئەو موڵکە دەگەڕێتەوە بۆ قەرزار.

گۆرانکاری لەژێر دەستیدا لە بەشێکی یان هەمووی لەسەر ئەو شتەی دەخوازرێت جێبەجێکردنی لەسەربکرێت لەبەرواری تۆمارکردنی داواکەوە یاخود لەدوای تۆمارکردنی قەواڵەی جێبەجێکردنەوە شوێنەواری نابێت لەسەر مامەڵەی جێبەجێکردن, تەنها ئەوە نەبێت کە ئەو گۆرانکارییە پەیوەندی نەبێت بە قەرزارەوەو ئەو هۆکاری نەبێت و وە ئەوەش پشت راستکرایەوە بۆ جێبەجێکاری داد بە بەڵگەی نوسراو,ئەو کات مۆڵەت دەدرێت بەو کەسەی کە دواجار شتەکەی لەژێر دەستدایە کە لە ماوەی (15) رۆژ زیاتر نەبێت سەردانی دادگای تایبەتمەند بکات تاکو بریاری دواخستنی جێبەجێکردن وەربگرێت.

ئەگەر هاتوو جێبەجێکردن وای پێویست کرد کەل و پەل بگەڕێنرێتەوە بۆ قەرزار یان لەو شوێنەی چۆڵکراوە کەلوپەلی لێبوو قەرزار وەری نەگرت وە پاراستنی پێویستی بە خەرجی هەبوو ئەوا داوا لە قەرزار دەکرێت وەری بگرێت لە ماوەیەکی گونجاوکە جێبەجێکاری داد بریاری لەسەر دەدات,ئەگەر وەری نەگرت ئەوا بەزیادکردن دەفرۆشرێت,خەرجی پارێزگاریو زیادکردنەکەی لێدەبرێت لە نرخەکەی و باقیەکەی بە سپاردە بە ناوی قەرزار دادەنرێت,ئەگەر داوای کرد دەیدرێتێ.وە ئەگەر نرخی ئەو شتەی کە فرۆشرا بەشی دانەوەی خەرجی فرۆشتنی نەکرد ئەوا باقیەکەی لە قەرزار وەردەگیرێتەوە بەپێی ئەحکامی ئەم یاسایە.

### بابەتی شەشەم: حەبسی جێبەجێکردن :

قەرزار کاتێك حەبس دەکرێت کە خاوەن قەرز داوای حەبس کردنی بکات و جێبەجێکاری داد ئەگەر دادوەر بوو بریاری حەبسی بدات وە ئەگەر دادوەر نەبوو ئەوا دەخرێتە بەردەم دادوەری دادگای بەرایی یەکەم تا بریاری حەبس کردنی یان حەبس نەکردنی بدات وە قەرزار تەنها یەك جار لەسەر قەرزێك حەبس دەکرێت.

**وە ناکرێت قەرزار حەبس بکرێت ئەگەر هاتوو :**

1. هیچی نەبوو.
2. تەمەنی 18 ساڵی تەواو نەکردبوو یان لەسەرو 60ساڵیەوە بوو .
3. ئەگەر باوان یان نەوە یان خوشك و برا یان خێزانی خاوەن قەرز بوو بە مەرجێك قەرزەکە خەرجیەکی بریار لەسەر دراو نەبێت.
4. ئەگەر مووچە یان کرێیەکی وەرگرت له دەوڵەت.
5. ئەگەر قەرزەکە بەسەرچووبوو یان نەمابوو بەهەر شێوەیەك بێت.

ئەگەر جێبەجێکاری داد باوەری هێنا بەوەی قەرزار دەتوانێت قەرزەکە بداتەوە بەتەواوی یان بەشێکی وە تسوییەکی گونجاوی نەدا و رەتی ئەو تسوییەی کرد کە جێبەجێکاری داد خستیە روو,دەکرێت حبس بکرێت,بەهەمان شێوە ئەگەر قەرزار وەستا لەدانی ئەو تسوییەی رازی بووە لەسەری هەردەکرێت حەبس بکرێت .وە ماوەی حەبس کردن نابێت لە چوار مانگ زیاتر بێت.ئەگەر ئامادەبووکە بریاری حەبسکردنی درا راستەوخۆ دەنێردرێت بۆ بەندیخانە,بەلام ئەگەر ئامادە نەبوو ئەوا بریاری دەستگیرکردنی دەدرێت.وە حەبسکردنی قەرزار نابێتە هۆی سرینەوەی قەرزەکە و هەر بە قەرزاری دەمێنێتەوە, وەرێگریش نىیە لە مافی خاوەن قەرز کە داوای حجزی موڵکی بکات هەرکات دەرکەوت.

**قەرزار لەم کاتانەدا ئازاد دەکرێت:**

1. ئەگەر قەر زەکەی دایەوە کە لەپێناویدا حەبس کرابوو.
2. ئەگەر ئەوەندە موڵکی حجز کرا کەبەشی دانەوەی قەرزەکەی بکات.
3. ئەگەر خاوەن قەرز داوای کرد ئازادبکرێت.
4. ئەگەر توشی نەخۆشیەك بوو هیوای چاکبوونەوەی نەدەکرابەپێی راپۆرتی پزیشکی دەرچوو لە لیژنەی پزیشکی فەرمی.

دەبێت جێبەجێکاری دادلەسەر پسوڵەی حەبسی قەرزار بری قەرزەکەو خەرجیەکانی بنوسێت وەکاتێك قەرزەکە و خەرجیەکانی دانرا دەبێت بەرێوەبەری بەندیخانە قەرزار ئازاد بکات ,ئەو قەرزەو خەرجیەکانی دەبێت بنێردرێت بۆ فەرمانگەی جێبەجێکردنی تایبەتمەند.

ئەگەر کەسێك بریاری لەسەر بوو کە منداڵێك بداتەوەو نەیدایەوە ئەوا حەبس دەکرێت تاوەکو دەیداتەوە ماوەکەی هەرچەندێك بێت,بەلام ئەگەر نەدانەوەی لە خواستی ئەودا نەبوو ئەوا حەبس ناکرێت.

ئەگەر قەرزار ملی نەدا بۆ جێبەجێکردنی بریار یان قەواڵەی جێبەجێکراو کە تیایدا داوا دەکرێت شتێکی دیاری کراو کە قەرز نىیە بدرێتەوە , وە ئەو شتەش لەبەر چاو نەبوو وە قەرزاریش نەیتوانی بیسەلمێنێت بە بەلگەی باوەرپێکراو کە لەناوچووە یان وونبووە ,جێبەجێکاری داد دەتوانێت بریار بدات کە بە دوایدا بگەرێن و حەبس بکرێت بەپێی ئەحکامی ئەم یاسایە.

**بابەتی حەوتەم: ڕاگرتن و دواخستنی جێبەجێکردن:**

ئەگەر بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردن داوایەکی لە خاوەن قەرز کرد پەیوەست بە بڕیار یان قەواڵەی جێبەجێکردن وەڵامی نەدایەوە و ماوەی (30) ڕۆژ تێپەری جێبەجێکاری داد بڕیاری دواخستنی جێبەجێکردن دەدات تاکو داواکاری تازەکردنەوە پێشکەش دەکرێت.

ئەگەر بڕیاری جێبەجێکراو بەتەواوەتی پوچەڵ کرایەوە یان هەڵوەشێنرایەوە ئەوا بارەکە بەتەواوی دەگێردرێتەوە بۆ پێش جێبەجێکردن بەبێئەوەی پێویست بە وەرگرتنی بڕیار بکات.

وە ئەگەر بەشێکی بڕیارەکە هەموار کرا یان هەڵوەشێندرایەوە, ئەوا ئەو بەشە جێبەجێدەکرێت کە پلەی کۆتایی وەرگرتووەوە بەشەکەی تر دەگێردرێتەوە سەر ئەو بارەی پێش جێبەجێکردن.

قەرزار دەتوانێت داوا تۆمار بکات بۆ گێرانەوەی ئەوەی بەنارەوا لێی وەرگیراوە لەگەڵ قەرەبووکردنەوەی ئەو زیانەی پێی گەیشتووە لە ماوەی ساڵێکدا لە بەرواری وەرگرتنی قەرزەکەوە,وە ئەم داوایە دەبێت لە دادگای شوێنی جێبەجێکردن یان شوێنی نیشتەجێبوونی خاوەن قەرز تۆمار بکرێت.تۆمارکردنی ئەو داوایە شوێنەواری نابێت لەسەر بەڕێوەچوونی جێبەجێکردن ,مەگەر دادگای تایبەتمەند بڕیاری ڕاگرتنی جێبەجێکردن بدات.

وە بڕیار جێبەجێدەکرێت لە ماوەی تانەی یاساییدا بەڵام جێبەجێکردن ڕادەگیرێت ئەگەر بڕیار لەسەردراو بەڵگەنامەیەك بخاتە ڕوو کە نارەزامەندی کردووە لە بڕیاری نائامادەیی یان تێهەڵچوونەوە یان پێداچوونەوە ئەگەر بڕیارەکە پەیوەست بوو بەخانووبەرەوە. وە لەهەموو بارێکدا ئەگەر دادگای تایبەتمەند بڕیاری دا ,جێبەجێکردن ڕادەگیرێت.

**بابەتی هەشتەم: ئەحکامی گشتی حجزکردنی موڵکی قەرزار:**

ئەگەر بڕیار یان قەواڵەی جێبەجێکراو تایبەت بوو بە پێدانی بڕێکی دیاریکراو پارە یان شتێك بە حوکمی قەرز بێت دەکرێت جێبەجێبکرێت لەڕێگەی حجزکردنی بەشی دانەوەی لە ملێکی قەرزار لەگەڵ خەرجی و ڕەسم وە دواتر فرۆشتنی بەپێی ئەم یاسایە.

وە حجز کردن و لابردن و فرۆشتنی موڵکی قەرزار لەسەر داوای خاوەن قەرز و بڕیاری جێبەجێکاری داد دەبێت .وە ئەگەر هاتوو موڵکی قەرزار هەمەچەشنەبوو تەنها ئەوەندەی حجز دەکرێت کە کە بەشی دانەوەی قەرزو خەرجیەکانی بکات.

وە ئەو موڵکەی حجز دەکرێت هەرزیادەیەکی مامەڵەی حجزکراوەکەی لەگەڵدا دەکرێت.کار بە هیچ ڕێکەوتنێکی قەرزارو خاوەن قەرز ناکرێت سەبارەت بە حجزو فرۆشتن کە بەپێچەوانەی ئەم یاسایە بێت.

ئەگەر جێبەجێکاری داد بۆی دەرکەوت قەرزار ماڵێکی هەیە پێویستەو ناکرێت حجز بکرێت ,بەڵام دەتوانرێبێت بگۆردرێت بەدانەیەکی تر کە نرخی کەمتر بێت لەو , ئەوە دەکرێت حجز بکرێت و بفرۆشرێت ,بەشێکی پارەکەی دەدرێتە قەرزار کە پێویستیەکەی پێدابین بکات وە باقیەکەی دەدرێتە خاوەن قەرز .

خاوەن قەرز دەبێت پێشەکی گشت خەرجی حجزو فرۆشتنی بدات کە دواتر بۆی وەردەگیرێتەوە لە قەرزار.

ئەگەر خاوەن قەرز نەهاتەوە بەلای مامەلەی حجزدا لە ماوەی (30) ڕۆژدا لە بەرواری دوا ڕێوشوێندا ,ئەو کەسەی موڵکی حجزکراوە یان کەسی سێهەم سەردانی کردوو وە داوای لابردنی کرد ,ئەوا بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردن ئاگاداری دەکات کە لە ماوەی (7) ڕۆژدا بەهانەی بەجێی دەربخات لە ڕۆژی دواتری ئاگادارکردنەوە وە ئەگەر شوێنی

نادیاربوو ماوەکە (15) ڕۆژ دەبێت لە ڕۆژی دواتری بلاوکردنەوەی ئاگاداری لە ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانەدا, ئەگەر بەهانەی بەجێی پێشکەش نەکرد لەو ماوەیەدا جێبەجێکاری دادحجزەکە لادەبات.

### بابەتی نۆهەم: حجزی ماڵی گوێزراوەی قەرزارو فرۆشتنی:

جێبەجێکاری داد یان ئەو فەرمانبەرەی دیاری دەکات هەڵدەستێت بە جێبەجێکردنی بڕیاری حجزی موڵکی گوێزراوەی قەرزار ئەگەر داواکاری حجز یان حجزلەسەر کراویش ئامادە نەبن وە دەبێت بڕیاری حجز بە ئامادەیی موختاری گەڕەك یان دوو شایەد کە پەیوەندی خزمایەتیان نەبێت لەگەڵ ئەو فەرمانبەرەی حجزەکە دەکات وەیان لەگەڵ لایەنی حجزەکەدا.وە فەرمانبەرەکە کۆنوسێك ڕێك دەخات تیایدا ڕەگەزی موڵکە حجز کراوەکە وجۆر و بڕو نرخەکەی دەنوسێت بە شارەزایی شارەزایەك ئەگەر پێویست بوو,وە شوێنی پاراستنی و چۆنیەتی ئاگادارکردنی دیاری دەکرێت و کۆنوسەکە لەلایەن ئامادە بووان ئیمزا دەکرێت و دەخرێتە بەردەم جێبەجێکاری داد . ئەگەر شتە حجزکراوەکە شتێکی بەنرخ بوو دەبێت بگوازرێتەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی لە شوێنێکی تایبەت بە پاراستنی سپاردە دابنێت ئەگەر نا بەپێی سروشتی شتەکە دەپارێزرێت ئەویش بە مۆرکردنی شوێنەکەی کە لێیەتی یان گواستنەوەی بۆ شوێنێکی گونجاو یاخود دانانی لای کەسێکی عادل یان پاسەوانێکی لەسەر دادەنرێت لەبەرامبەر کرێیەکدا کە دیاری دەکرێت لەلایەن ئەوکەسەی حجزەکەی کردووە و جێبەجێکاری داد ڕازی دەبێت لەسەری .وە ئەگەر فەرمانبەری هەڵساو بەحجزکردن بۆی دەرکەوت ئەو موڵکەی دەخوازرێت حجز بکرێت پێشتر لەلایەنێکی ترەوە حجز کراوە ئەوە مۆری بەڕێوەبەرایەتی لە شوێنەکە دەدات و ئاگاداری ئەو پاسەوانە دادوەرییە دەکات کە موڵکە حجزکراوەکەی لای دانراوە کە حجزی دووەمی لەسەر دانراوە .وەکۆنوسێکی پێدەکات کە خۆی و لایەنی پەیوەنیداروپاسەوانە دادوەریەکە ئیمزای دەکەن , وە ئاگاداری لایەنی حجزکار دەکات بەوە,و مولکە حجز کراوەکە دادەنرێت بەوەی حجزکراوە بۆ هەردوو قەرزەکە.ئەگەر حجزکردنەکە لە شوێنی نیشتەجێبوونی قەرزار جێبەجێکراو دەرکەوت ئەو موڵکەی دەخوازرێت حجز بکرێت لەژێر دەستی ئەودایە ئەوا حجز دەکرێت و بەموڵکی ئەو دادەنەرێت. گوێنادرێت بەو نارەزامەندیانەی قەرزار یان کەسانی تر دەیکەن لەبەدەرکردنی بەشێك لە موڵکەکە یان هەمووی لە حجزکردن وە نابێتە هۆی دواخستنی جێبەجێکردن ,مەگەر نارەزامەند نوسراوێکی بەروار دیاری کراو بخاتە ڕوو یان بڕیارێك کەلە دادگای تابەتمەندەوە دەرچووبێت بەدواخستنی جێبەجێکردن.

ئەگەر ئەو فەرمانبەرەی هەڵدەستێت بە حجزکردن بۆی دەرکەوت ئەو شوێنەی حجزی تێدا دەکرێت شوێنی نیشتەجێی قەرزار نییە یاخود کەسانی تری لەگەڵدان جگە لە ئەندامانی خێزانەکەی ,وە لەئەنجامی لێکۆڵینەوە بۆی دەرکەوت کە ئەوەی دەخوازرێت حجز بکرێت دەگەرێتەوە بۆ قەرزار ئەوا حجزی دەکات ,بەلام ئەگەر دەرکەوت دەگەرێتەوە بۆ کەسێکی تر بڕیاری حجزکردن جێبەجێ ناکرێت و کۆنوسێك ڕێکدەخرێت و پێشکەشی جێبەجێکاری داد دەکرێت کە بۆی هەیە بڕیار بدات بە هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری حجزەکە یان بەردەوام بوون لە جیبەجێکردنی ,وە لەم بارەدا دەکرێت ئەو کەسە سەردانی دادگای تایبەتمەند بکات .

ئەگەر حجزەکە بە ئامادەیی قەرزار کرا ئەوە دەبێت فەرمانبەرەکە تێیبگەیەنێت کە پێویستە بڕیارەکە یان قەواڵەکە لە ماوەی سێ ڕۆژدا جێبەجێ بکات لەرۆژی دواتری حجزەکەوە بەپێچەوانەوە موڵکە حجزکراوەکە دەفرۆشرێت بەپێی ئەحکامی ئەم یاسایە.

بەلاَم ئەگەر ئامادە نەبوو لەسەر جێبەجێکاری دادە ئاگاداری بکات بە کورتەیەك لە حجزەکە و ئاگاداری بکات کە بڕیارەکە یان قەواڵەکە لەماوەی سێ ڕۆژدا لە ڕۆژی دائاگاداربوونی جێبەجێی بکات یان دەفرۆشرێت بەپێی ئەحکامی ئەم یاسایە.

ئەگەر جێبەجێکاری داد بۆی دەرکەت موڵکی حجزکراو زووخراپ دەبێت یان نرخەکەی ئەوەندە نیە خەرجی پاراستنی لەسەر بدرێت ,لەسەریەتی یەکسەر بڕیاری فرۆشتنی بدات بۆ پاراستنی بەرژەوەندی هەردوولا.

ئاگاداری بۆ فرۆشتنی موڵکی نەگوێزراوە لە ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانەدا دەکرێت وە ئاگاداریەکە لە شوێنی موڵکەکەو شوێنی فرۆشتنی و فەرمانگەی حجزکاردا هەڵدەواسرێت.بەلاَم ئەگەر نرخەکەی ئەوەندە نەبوو خەرجی ئاگاداری لەسەر بدرێت تەنها ئاگاداریەکە هەڵدەواسرێت.

وە ئاگاداریەکە ڕەگەزی موڵکەکەو جۆرو بڕو نرخەکەی کە دیاری کراوە و شوێنی زیادکردنەکەو ڕۆژو کاتی ئەنجامدانی لەخۆدەگرێت بەمەرجێك لە سێ ڕۆژ کەمتر نەبێت لەنێوان بلاَوکردنەوەی ئاگاداریەکەو ڕۆژی ئەنجامدانی زیادکردنەکە.

وە وێنەیەك لە ڕۆژنامەکە و ئاگاداریەکە لە لە دۆسیەکەدا هەڵدەگیرێت . وە دەبێت جێبەجێکاری داد کۆنوسێك ڕێکبخات بە بەجێبەجێکردنی ئەم کارانە, وەزیادکردنەکە لە نزیکترین ناوەندی بازرگانی لە شوێنی پاراستنی حجزکراوەکە دەکرێت.وە دەکرێت جێبەجێکاری داد شوێنێکی تر دیاری بکات بۆ فرۆشتنەکەبەپێی ئەوەی سروشتی ئەو موڵکە دەیخوازێت.

وە ئەوکەسەی دەخوازێت بەشداری بکات لە زیادکردنەکەدا دەبێت بارمتەی (10٪) کەمتر نەبێت لە نرخی دیاری کراو دابنێت.

وە بۆ جێبەجێکاری داد وفەرمانبەرەکانی بەڕێوەبەرایەتیەکەیو خێزانیان و زاواکانیان و خزمانیان تاکو پلە چوار,نیە بەشداری لە زیادکردنەکەدا ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بکەن بۆ بەر ژەوەندی خۆیان بێت یان کەسانی تر.

موڵکە حجزکراوەکە لە شوێنی دیاریکراو دەفرۆشرێت بەهۆی دەلالێکەوە , سەرەتا زیادکردنەکە بە (60٪) کەمتر نەبێت لەو نرخەی دیاریکراوە دەکرێتەوە, وە موڵکەکە دەدرێتە ئەوکەسەی زیادکردنەکەی بۆ دەردەچێت بەدوا نرخ دوای ئەوەی پارەکەی دەدات, وە ئەو نرخەی پێنج خولەکی بەسەردا دەڕوات و زیاد ناکرێت کۆتایی زیادکردنەکەیە.

ئەگەر لە زیادکردنەکەدا نرخەکەی نەگەیشتە (70٪) ئەو نرخەی دیاری کراوە ,ئەوا دووبارە دەخەملێنرێتەوە و زیادکردنێکی تازەی بۆ دەکرێت, وە نافرۆشرێت ئەگەر نەگاتە (70٪)ی نرخی دیاری کراو, بەپێچەوانەوە ڕێو شوێنی فرۆشتن دووبارە دەکرێتەوە , وە لەهەموو بارێکدا ئەو موڵکە نافرۆشرێت ئەگەر نەگاتە70٪ی دوا خەملاَندنی.

ئەگەر ئەو کەسەی زیادکردنەکەی بۆ دەرچوو پەشیمان بووەوە , موڵکەکە دووبارە زیادکردنی بۆ دەکرێتەوە وە جیاوازیەکەی لەو کەسە وەردەگیرێت کەپەشیمان بووەتەوە لەگەڵ خەرجیەکانی وە ئەگەر کەس نەبوو بیکرێت ئەوا بارمتەکەی دەبێتە موڵکی قەرزارو دەدرێت بە خاوەن قەرزو لەسەر قەرزەکە هەژمار دەکرێت وە دووبارە دەخەملێنرێتەوە و ئاگاداری بۆ بلاَو دەکرێتەوە بۆ فرۆشتنی سەرلە نوێ. سەیری نمونەی نوسراوی ژمارە (2) بکرێت.

### بابەتی دەیەم: حجزی موڵکی قەرزار کەلای کەسانی ترە:

ئەگەر موڵکی قەرزار کە داوا دەکرێت حجز بکرێت لای کەسانی تر بوو ئەوا ئاگادار دەکرێتەوە بە بڕیاری حجزو تێدەگەیەنرێت کە نەیداتە کەس و بەرپرسە لە بەرامبەری و بۆی نیە تصرفی پێوە بکات تەنها بە بڕیاری

جێبەجێکاری داد نەبێت , وە بۆی هەیە کە روونکردنەوەو نارەزایی بدات وە ئەو فەرمانبەرەی هەڵساوە بە حجز کردنەکە کۆنوسێك ڕێکدەخات .

وە بۆ ئەو کەسە هەیە کە ئاگاداری ئەو بەرێوەبەرایەتیە بکات کە حجزی کردووە کە موڵکی قەرزاری لایە یان نا.وە ئەگەر نکوڵی کرد لەوەی کە موڵکی قەرزاری لابێت ئەوا خاوەن قەرز بۆی هەیە سەردانی دادگای تایبەتمەند بکات لەم بارەیەوە,وە ئەگەر ووتی موڵکی قەرزاری لایە لەسەریەتی رەگەزەکەی و جۆرەکەی و برەکەی دیاری بکات و بیداتە بەرێوەبەرایەتی جێبەجێکردن ئەکەر داواکرا.

ئەگەر ئەوەی نەکرد وەئەگەر وەلامی نەدایەوە ئەوە بەرپرس دەبێت لەو موڵکە بەپێی ئەو شێوازەی کەلە پسوڵەی ئاگادارکردن بە حجزدا هاتووە , ئەگەر ئەوکەسەی دانی ناوە بەبوونی موڵکی قەرزار لای و حجزکراوە نەیدایە بەرێوەبەرایەتی جێبەجێکردن یان دایە هەرکەسێکی تر, ئەوا ئەو موڵکە حجز دەکرێت یاخوود بەقەدەر نرخەکەی لە موڵکی ئەو کەسە حجز دەکرێت بە بریاریارێکی جێبەجێکاری داد وە دەفرۆشرێت بەپێی ئەحکامی ئەم یاسایە.

دەکرێت کرێی خانووی قەرزار حجز بکرێت وە گوێ ناگیرێت لە قسەی کرێچی بەدانی ئەو کرێیە ئەگەر پێچەوانەی یاسا بوو ,وە لەم کاتەدا بەرپرسە لەو کرێیە ,تەنها ئەگەر بە بەڵگەیەکی رەسمی سەلماندی یان بە بریارێکی دەرچوو لە دادگای تایبەتکەند.

ئەگەر حجزکراوەکە پشکی ناوی بوو یان قەواڵەی قەرزبوو دەبێت ئاگاداری ئەو لایەنە بکرێت کە دەری کردووە بە حجزکردنەکە و ئەوکات بەرپرسیارێتی دەکەوێتە سەرشانی بەپێی ئەم یاسایە, بەمەرجێك لەکاتی فرۆشتنی رەچاوی رێسای پەیوەست پێوەی بکرێت.وە ئەگەر حجز کراو قەرزێکی جێبەجێکراو بوو لە دۆسیەی جێبەجێکردن , لەسەر جێبەجێکاری دادە تأشیری حجزەکە بکات لە تۆماری تایبەتمەند بەو دۆسییە و لەسەر خودی مەلەفەکەو لەسەر پەرەی یەکەمی و ئەگەر خەرج کرا ئەوا جێبەجێکاری داد بەرپرس دەبێت.

**بابەتی پانزەهەم: حجزی موچەو دەرماڵە:**

موچەو دەرماڵەی فەرمانبەرو سەربازو پۆلیس و کرێکارو خانەنشین و هەرکەسێك موچەو کرێ لە دەوڵەت وەردەگرێت (5/1) حجز دەکرێت ,ئەگەر قەرزەکە هی دەوڵەت بوو یان بەبریارێکی دادگا کە پلەی کۆتایی وەرگرتبێت سەلمێنرابوو.

بەلام ئەگەر قەرزەکە خەرجی بەردەوام بوو هەرچەند بێت حجز دەکرێت وە ئەو حجزکردنە رێگر نیە لە حجزکردنی موڵکی تری قەرزار .

ئەو کەسەی موچەکە خەرج دەکات دەبێت بریاری حجزکردنەکە جێبەجێبکات ,وە ئەگەر نەیکرد بەرپرس دەبێت , وەدەبێت لە ماوەی (7) رۆژدا وەلام بداتەوە , وە لە هەرگۆرانکاریەك ئاگاداریان بکاتەوە.

وە ئەگەر ئەو(5/1)نەبرا لەلایەن کەسی بەرپرسەوە یان بەکەموکوری بری ئەوا لەسەر بەرێوەبەرایەتی جێبەجێکردنە لە موچەی بەرپرسەکەی وەربگرێت, وە ئەو بۆی هەیە بگەرێتەوە سەر قەرزار بە بریارێکی جێبەجێکاری داد.

**بابەتی دوانزە: حجزی موڵكی نەگوێزراوە-خانووبەرە-**

ئەگەر بڕیاری حجزی خانووبەرە درا دەبێت جێبەجێكاری داد ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی خانووبەرە بكات كە نیشانەی حجز لەسەر تۆماری دابنێت وەك لە نمونەی نوسراوی ژمارە (3)دا هاتووە,وە لەسەر ئەویشە ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی حجزكار بكات بە دانانی حجزەكەو هەر مافێك كەلەسەریەتی.وە لە دوای ئەوە ناكرێت هیچ مامەڵەیەك لەسەر ئەو موڵكە بكرێت بەبێ ڕەزامەندی ئەو بەڕێوەبەرایەتیە ,دواتر ئاگاداری قەرزار دەكرێت كە حجز خراوەتە سەر خانووبەرەكەی وە پێویستە لەسەری قەرزو پاشكۆكانی لە ماوەی (10) ڕۆژدا لەدوای ئاگاداركردنی بداتەوە وەك لە نمونەی نوسراوی ژمارە (4)دا هاتووە ,بە پێچەوانەوە دەفرۆشرێت. دواتر جێبەجێكاری داد دەست لەسەردانانی(وضع اليد) ی بۆ دەكات وە كۆنوسی پێدەكرێت كە تێیدا شوێنەو ڕەگەزیوجۆریو سنوریو شێوازیو پێكهاتەكانیو ڕووبەری و ژمارەكەیو باری ئەوەی لەسەری دروستكراوە یان تیایدا چێنراوە یان ڕوێنراوە لەگەڵ برەكەیو جۆرەكەی وكاتی پێگەیشتنی بەروبومەكەی,خەسلەتی ئەو كەسەی بەكاری دەهێنێت و بەڵگەكانی كە پشتی پێدەبەستێت و بری كرێكەی و مەرجی چۆنیەتی دانی و ئەو برەی دراوە و بەڵگەی سەلمێنەری, وە نرخی و بری داهاتی ساڵانەی ,بۆی هەیە ئەو كارە بە شارەزایەك یان زیاتر بكات.وەكۆنوسەكە ئیمزا دەكرێت لەلایەن هەریەك لە جێبەجێكاری داد و شارەزاو داواكاری جێبەجێكردن و داوالەسەركراوی جێبەجێكردن ئەگەر ئامادەبوون.

دەكرێت ئەو خانووەی حجزدەكرێت ئەوكەسەی تیادا بمێنێتەوە كە بەكاری دەهێنێت تا كۆتایی زیادكردنەكە , بەڵام ئەگەر زیانی پێگەیاندو لە نرخەكەی كەم كردەوە و ڕێگربوو بۆ سەیركردنی لەلایەن ئەوانەی خوازیارن بیكرن, ئەو كات دەكرێت چۆڵبكرێت بە بڕیارێكی جێبەجێكاری داد بە ڕەچاوكردنی یاسای بەكرێدانی خانووبەرە.

ئەگەر خانووبەرەی حجزكراو ڕەهن نەكرابوو وە داهاتی ساڵێكی بەشی دانەوەی قەرزەكە بكات كە بۆی حجزكراوە دەكرێت جێبەجێكاری داد ئەو داهاتە حجزبكات ,بەڵام حجز لەسەر خانووبەرەكە دەمێنێت تا دانەوەی قەرزەكە بەڵام ئەگەر ئەوداهاتە حجزكراو نەتوانرا بدرێت بە خاوەن قەرز ئەوكات دەكرێت بفرۆشرێت.

**بابەتی سیانزە: فرۆشتنی خانووبەرە:**

جێبەجێكاری داد بۆی هەیە ڕێگای قەرزار بدات خانووبەرە حجزكراوەكەی بفرۆشێت بە نرخێك كەمتر نەبێت لە نرخی دیاریكراو بەمەرجێك بەڕێوەبەرایەتی خانووبەرەی تایبەتمەند لەكاتی فرۆشتندا قەرزەكەو پاشكۆكانی ببرێت.

ئەگەر چەند حجزێك لەسەر خانووبەرەیەك هەبوو ئەوا بەیەك زیادكردن دەفرۆشرێت وە ئەو لایەنەی زیادكردنەكە ئەنجام دەدات دەبێت ئاگاداری لایەنەكانی تر بكات كە حجزیان كردووە ,ئەو كات حجزەكان دەخرێتە سەر نرخی فرۆشراوەكە.

لەدوای دەست لەسەردانان جێبەجێكاری داد لیستێك دەكات بەزیادكردنی خانووبەرەكەو شێوازی چەسپێنراوی لەكاتی دەست لەسەردانانی دیاری دەكات تیایداو ئاگاداری بڵاودەكاتەوە بۆ دانانی بۆ زیادكردنی لە ماوەی(30) ڕۆژدا لە ڕۆژی دواتر لە بڵاوكردنەوەی ئاگاداریەكە وە دەبێت زیادكردنەكە لەو بەڕێوەبەرایەتیە بكرێت كە خانووبەرەكە لەناوچەكەیدایە, وە ئەگەر لە دەرەوەی ناوچەی بەڕێوەبەرایەتی حجزكاردا بوو ئەوا لەڕێگەی (انابە)جێكاری زیادكردنەكە ئەنجام ئەدرێت.وە ئاگاداریەكە لە ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیدا بڵاودەكرێتەوە, وێنەیەك لە ئاگاداریەكە

لـە بەڕێوەبەرایـەتی هەڵدەواسـرێت و دانەیـەکی تـر لـە شـوێنی چـوونە ژوورەوەی خانووبەرەکـە.لەسـەرو ئەمـەوە جێبەجێکاری داد بۆی هەیە بڕیاری بلاوکردنەوەی ئاگادارییەکە بدات بـەهۆکاری تـر ئەگـەر بینـی لـە بەرژەوەندیدایـە ئەوە بکرێت.

دەبێت ئـەو ئاگادارییـە گشـت شـێوازی خانووبەرەکـەو بـارودۆخی نـەگۆڕاوی و نرخـی دیـاری کـراوی لـەکاتی دەسـت لەسەردانان و ناوی خاوەن قەرزو قەرزارو ڕۆژی زیادکردنەکەو کاتەکەی و مەرجی بەشداری کردن بگرێتـە خـۆی لەگـەڵ ئەو بەڕێوەبەرایەتی یەی زیادکردنەکەی تیادا ئەنجام دەدرێت.

وە زیاد کردنەکە دەست پێدەکات لەڕۆژی دوای بلاوکردنـەوەی ئاگادارییەکـە , ئەوانـەی خوازیـاری بەشـداریکردنن و مافی خاوەنداریتیان هەیە بۆیان هەیە سەردانی بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردن بکەن بەمـەرجێك هەریەکـەیان بارمتـە دابنـێن بـە بـڕی (10٪) کـەمتر نـەبێت لـە نرخـی دیـاری کـراو.وە ئەگـەر بەشـداریکار خـاوەن قـەرز یـان هاوبـەش بـوو دەبەخشرێت لە دانانی بارمتە بەقـەدەر قەرزەکـەی یـان پشـکەکەی , لـە کاتـژمێر (12)ی نیـوەڕۆی ڕۆژی (30)یـەم لـە بەڕێوەبەرایەتی سێ جار بـانگکردن دەکرێـت بـۆ بەشـداریکردن لـە زیادکردنەکـە بـە ئاشـکرا.وە دەسـت دەکرێـت بـە بـە زیادکردن بە(70٪) نرخی دیاری کراو دواتر جێبەجێکاری داد هەواڵەی دەکات بـۆ دوایـین زیـاد کـار , وە ئـەو نرخـەی زیاد ناکرێت لە ماوەی پێنج خولەکدا ,کۆتایی زیادکردنەکەیە.

ئاگاداری قەرزار دەکرێت بە هەواڵەی کۆتایی-احالة قطعية- و داوای لێدەکرێت قەرزەکە بداتەوە لـە مـاوەی (10) ڕۆژدا لەدوای ئاگادارکردنەوەی ,بەپێچەوانەوە دەکرێت بەناوی کریارەوە.

دەکرێت زیادکردن (ضم) بکرێت بۆسەر کۆتا نـرخ پێش کۆتایی هاتنی ئەو (10) ڕۆژە بەمەرجێك کـەمتر نـەبێت لە (5٪ی) کۆتا نـرخ.

ئەوکات ئاگاداری بلاودەکرێتەوە بۆکردنەوەی زیادکردن بۆ ماوەی سێ ڕۆژ لە دوای بلاوکردنەوەی ئاگادارییەکە دواتـر هەواڵەی دواهەمین –احالة نهائية- دەکرێت .

بەڵام لەلابردنی کۆبەشیدا لـە مـاوەی سـێ ڕۆژدا دەبێـت زیـادکردن (ضـم) بکرێـت , وەئەگـەر زیـادکردن نەگاتـە لـە (80٪) ناکرێت هەوالەکردن بکرێت بەڵکو زیادکردنەکە درێژ دەکرێتـەوە بـۆ مـاوەی (15) ڕۆژ لـەدوای بلاوکردنـەوەی ئاگاداری بۆی.

وە ئەگەر زیادکردنی دووەم نەگەیشتـە (70٪) ناکرێـت هەواڵە بکرێـت بـەڵکو دووبـارە دەخەمڵێنرێتـەوە لەلایـەن شارەزاوە و ئاگاداری بۆ دەکرێتەوە. ئەگەر ئەوکەسەی هەواڵەی بۆ کراوە نکوڵی کـرد لـە دانـی پـارەی زیادکردنەکـە یـان ڕەسمی تۆمارکردن و خەرجیەکانی ئەوا خانووبەرەکە دەدرێت بە زیادکردنی پێش نکۆڵ کار بەو نرخەی دابووی ئەگەر ویستی ئەوا جیاوازییەکە دەخرێتە ئەستۆی نکول کار بە بڕیاری جێبەجێکاری داد وە بارمتەکەی دەبڕرێت. ئەگـەر ئەویش نەیویست ئەوا زیادکردنی بۆ دەکرێتەوە لە ماوەی (15) ڕۆژدا .

وەئەگەر خوازیار نەبوو بۆ کڕینەوەی بارمتەکەی دەبێتە مولکی قەرزارو دەدرێتـە خـاوەن قـەرز و هـەژمار دەکرێـت لەسەر قەرزەکە.خەملاندنی تری بۆ دەکرێت و ئاگاداری بۆ دەکرێت بۆ فرۆشتنی سەرلە نوێ.

ئەگەر زیادکردن دواکەوت بۆ ماوەیەك لە شەش مانگ کەمتر بەهۆکاری یاسایی ئەوا زیادکردنی بۆدەکرێتەوە بـۆ ماوەی (15) ڕۆژ بە ئاگاداری تازە , وە ئەگەر زیاتر لە شەش مانگ دواکەوت مامەڵەی پێشوو هەڵدەوەشێتەوەو دەست لەسەردانانی نوێی بۆدەکرێت و ئاگاداری زیادکردنی نوێی بۆ بلاو دەکرێتەوە.

دەبێت کریار لە ماوەی (15) ڕۆژدا هەڵسێت بە دانانی نرخی زیادکردنەکە و ڕەسمی تۆمارکردن و خەرجیەکانی لە بەرواری هەواڵەی دواهەمین,بە پێچەوانەوە بەپەشیمان بووەوە دادەنرێت , وە ئەو کریارەی ئەو نرخە بدات ,بە خاوەنی خانووبەرەکە دادەنرێت, لەدوای تەواوبوونی ئەو 10 ڕۆژەی دراوە بە قەرزار.

وەلەسەر بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنە لەدوای هەواڵەو وەرگرتنی نرخەکەی داوا لە بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی تایبەتمەند بکات کە تۆماری بکات بەناویەوە.

وە بۆ کریار هەیە داوای هەڵوەشاندنەوەی زیادکردنەکە بکات بەداواکاریەك کە پێشکەش بە جێبەجێکاری داد دەکرێت ئەگەر تۆمار نەکرا بەناویەوە لە ماوەی (30) ڕۆژ لە دانی ڕەسمی تۆمارکردن و خەرجیەکانیەوە ,بەمەرجێك خۆی هۆکار نەبێت.

هەرکاتێك تۆمارکرا بەناوی کریارەوە لەسەر بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنە داوا بکات لەو کەسانەی بەکاری دەهێنن بە چۆڵی بیدەنێ لە ماوەی (30) ڕۆژدا ئەگەر نا بەزۆر چۆڵ دەکرێت ئەگەر یاسا ڕێگای‌دا.

### بابەتی چواردە: فرۆشتنی موڵکی ڕەهنکراو:

موڵکی ڕەهنکراوی گوێزراوەو نەگوێزراوەی بارمتە بۆ قەرزێك دەکرێت بفرۆشرێت ئەگەر دەرکەوت نرخەکەی زیاترە لە قەرزەکەو خاوەن قەرزی عادی داوای فرۆشتنی کرد بە مەرجێك زیادکردن بە کەمتر لە قەرزە بارمتەکراوەکە نەکرێتەوەو دوای فرۆشتنەکە تەواوی قەرزی بارمتەکراوی ممتاز بدرێتەوە بەخاوەنەکەی یەکەم جار ,دواتر باقیەکەی بدرێتەوە خاوەن قەرزی عادی.

### بابەتی پانزە: مافی ئیمتیازی قەرز:

ئیمتیاز نادرێتە قەرزێك ئەگەر دەقێکی یاسایی نەبێت یاخود بەشێوەیەکی روون لە قەوالەی جێبەجێکراودا نەنوسرابێت, قەرزی دەوڵەتی جێبەجێکراو لە بەڕێوەبەرایەتی یەکانی جێبەجێکردن قەرزی ممتازن لە پلە یەك,وە پێش هەرقەرزێکی تر وەردەگیرێتەوە هەرچەند ئەو قەرزە ممتازیش بێت یان بروا پێدراو بێت بە ڕەهنێك وە سودی بریار لەسەردراو وەك قەرزە بنەرەتیەکە وایە بۆ مافی ئیمتیاز.

وە ئەو خاوەن قەرزەی پێشتر حجزی موڵکی قەرزار دەکات مافی ئیمتیاز ناداتە قەرزەکەی.

ئەگەر دوا حجزکار پشتی بەست بە بریارێك کەلەسەر دانپێدانانی زارەکی بوو یاخوود نکولی کردن بوو لە سوێندخواردن یاخوود دانپێدانانێکی نوسراو بوو کە بەفەرمی نەسەلمێنرا بەروارەکەی پێش یان هاوکاتی حجزەکەی پێشووترە .بۆ دوا حجزکار نیە بەشداری بکات لە موڵکە حجزکراوەکاندا,بەڵکو بۆی هەیە قەرزەکەی لە موڵکی تری قەرزار وەربگرێت . وە ئەمەش جێبەجێ دەکرێت لەسەر دوا حجزکار ئەگەر پشتی بەست بە قەواڵەیەك بەرەسمی نەسەلمێنرا بەروارەکەی پێش یان هاوکاتی حجزی پێشووترە.

### بابەتی شانزە: دابەشکردنی بەدەستهێنراوی جێبەجێکردن:

سەرەتا لەو برانەی بەدەست هاتووە بەپێی یاساکە خەرجی جێبەجێکردن کە خاوەن قەرز کردوویەتی بۆ بەدەستهێنانی ئەو برانە دەبردرێت ,وە ئەگەر باقیەکەی بەشی دانەوەی داوای خاوەن قەرزەکانی نەکرد کە داوای

قەرزەکانیان کردۆتەوە ئەوا دابەش دەکرێت لە نێوانیاندا بە نیسبەت بەشی هەرکێکیان ئەگەر هەمووی ممتاز یان عادی بوون لە یەك پلەدا.

بەلاّم ئەگەر قەرزەکان عادی و ممتاز بوون,ئەوا ممتازەکان پێشتر دەدرێتەوە ,باقیەکەی دابەش دەکرێت بەسەر خاوەن قەرزە عادیەکاندا بەمەرجێك رەچاوی پلەی قەرزە ممتازەکان بکرێت.

بۆ نمونە بەدەستهێنراو بری 15 ملیۆن دینارە,خەرجی بەدەستهێنراو یەك ملیۆن دینارە,یەك خاوەن قەرز کە دەڵەتە بری 4 ملیۆن دیناری هەیە کە ممتازی پلە یەکە , خاوەن قەرزەکانی تر قەرزی عادیان هەیە کە پێنج کەسن,کەواتە:

یەك ملیۆن بۆ خەرجی

4 ملیۆن بۆ دەوڵەت

2 ملیۆن بۆ هەر خاوەن قەرزێك.

**بابەتی حەڤدە: کات بەسەرچوونی لە دەستدان بۆ جێبەجێکردن:**

ئەگەر بڕیار یان قەواڵەی جێبەجێکراو جێهێڵراو خاوەنەکەی (7) ساڵ سەردانی نەکردەوە لە بەرواری دوا مامەڵەوە, ئەوا هێزی جێبەجێکردنی نامێنێت, وە ئەگەر جێبەجێکاری داد بۆی دەرکەوت ئەو ماوەیە بەسەر چووە لەسەر بڕیارو قەواڵە دانراوەکان بۆ جێبەجێکردن ,لەسەریەتی کە بڕیاری راگرتنی جێبەجێکردن بدات. ئەو بڕیارەی (7) ساڵ بەسەر وەرگرتنی پلەی کۆتاییەوە تێپەر کردووە جێبەجێ ناکرێت.

بەهانەی یاسایی کە کات بەسەرچوون رادەگرێت یان دەیوەستێنێت و لە یاسای مەدەنیدا هاتووە بەسەرکات بەسەرچوونی ئەم یاسایەدا دەروات.

ئەو ماوەیەی دەکەوێتە نێوان بەرواری دانانی بەلگەکان و وەرەقەی بازرگانی لە بەرێوەبەرایەتی جێبەجێکردن و بەرواری تێگەیاندنی خاوەن قەرز کە پێویستە سەردانی دادگای تایبەتمەند بکات هەژمار ناکرێت لە ماوەی یاساییدا.

**بابەتی هەژدە: نەمانی مافی داواکردنی سپاردەکان:**

مافی داواکردنی سپاردەی عەینی و نەقدی دانراو لە بەرێوەبەرایەتی جێبەجێکردن نامێنێت ئەگەر خاوەنەکەی سەردانی نەکرد بۆ وەرگرتنەوەی لە ماوەی (3) ساڵدا .کە دەسپێ ئەکات لەرۆژی دواتری ئاگادارکردنەوەی ئەگەر شوێنی نیشتەجێبوونی دیار بوو, وە ئەگەر شوێنی نادیار بوو ئەوا لە ماوەی (5) ساڵدا لە رۆژی تۆمارکردنی سپاردەکەوە لە بەرێوەبەرایەتی جێبەجێکردن و دەکرێتە داهات بۆ خەزێنە.

**بابەتی نۆزدە: رێگای تانەدان لە بریاری جێبەجێکاری داد:**

رێگای تانەدان لە بریاری جێبەجێکاری داد بریتی یە لە :

1. تظلم
2. تمییز- پێداچوونەوە-

ماوەی یاسایی تانەلێدان لە بریاری جێبەجێکاری داد لە رۆژی دواتری تێگەیاندنی دەستپێ دەکات ئەگەر ئامادە بێت و ئیمزای بکات یان چەسپاندنی ئیمزانەکردنی , یاخود رۆژی دواتری ئاگادارکردنەوەی ئەگەر ئامادە نەبوو.

دەتوانرێت رێگای تانەی یاسایی بگیرێتە بەر پێش ئاگادارکردن بە بریارەکە , تظلم لە ماوەی سێ رۆژدا دەبێت لەبەردەم جێبەجێکاری داد و بە داوایەك دەبێت , کە پشتگیری بریارەکەی دەکات یان هەمواری دەکات یان پوچەڵی دەکاتەوە لە ماوەی سێ رۆژدا لە بەرواری پێشکەشکردنی داواکە بە جێبەجێکاری داد.

وە تانەلێدان بە پێداچوونەوە لە بریارەکە وازهێنانە لە تظلم کردن لێی.

دەکرێت تانەی پێداچوونەوە بدرێت لە بریاری جێبەجێکاری داد وە لە بریاری دەرچوو لە ئەنجامی تظلم لەبەردەم دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچە لە ماوەی حەوت رۆژدا , بەداوایەك کە پێشکەش جێبەجێکاری داد یان دادگای تایبەتمەند بە تانەکە دەکرێت.

تانەدان لە بریاری جێبەجێکاری داد ,جێبەجێکردن راناگرێت تەنها ئەگەر دادگا بریاری راگرتنی نەدات.

بریاری دادگای بەرایی بە حەبسکردنی قەرزار تانەی پێداچوونەوەی لێدەدرێت لەلایەن قەرزار لە ماوەی حەوت رۆژدا لە بەرواری دانانی لە حەبس لەبەردەم دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەکە , وە لەکاتی رەدکردنەوەی حەبس کردن ,بۆ خاوەن قەرز هەیە کە تانەی پێداچوونەوەی لێبدات لە ماوەی حەوت رۆژدا لە رۆژی دواتری دەرچوونی بریارەکە.

**نمونەیەك لە لائحەی تظلم لە بریاری جێبەجێکاری داد**

السيد المنفذ العدل فى السليمانيةالمحترم

المتظلم: ............وكيله المحامى...................

المتظلم منه:..................وكيله المحامى..............

جهة التظلم:

اصدرتم فى الاضبارة التنفيذية المرقمة.....بتاريخ....... قرارا يتضمن ..........................................

و بما ان القرار مخالف لاحكام القانون ومجحف بحق موكلى ,لذا بادرت الى التظلم منه خلال المدة القانونية طالبين ابطاله للاسباب التالية:

1. ........
2. ........
3. .........

عليه وللاسباب المذكورة اعلاه نطلب من سيادتكم ابطال القرار المتظلم منه.

مع جزيل الشكر والتقدير

وكيل المتظلم

المحامى ............

بموجب الوكالة المرقمةوالمؤرخة ....

المصدقة لدى كاتب عدل السليمانية/1

**نمونەی لائحەی پێداچوونەوە لە بریاری جێبەجێکاری داد**

السادة رئيس واعضاء محكمة استئناف منطقة السليمانية المحترمون

بواسطة السيد المنفذ العدل فى السليمانية المحترم

المميز:.................وكيله المحامى...................

المميز عليها: .......................وكيلتها المحامية.........................

جهة التمييز:

اصدر السيد المنفذ العدل بتاريخ / /2008 فى الاضبارة التنفيذية المرقمة ........ قرارا تضمن .............

و بما ان القرار مخالف لاحكام القانون ومجحف بحق موكلى ,لذا بادرت الى تميزه ضمن المدة القانونية طالبين نقضه للاسباب التالية:

1. ...........

2. .............

3. ............

عليه وللاسباب المذكورة اعلاه وما تظهر لسيدتكم اثناء اجراء التحقيقات التميزية راجين نقض القرار المميز.

ولكم جزيل الشكر.

وكيل المميز

المحامى ............

بموجب الوكالة المرقمةوالمؤرخة ....

المصدقة لدى كاتب عدل السليمانية/2

## نمونەیەك لە پێداچوونەوە لە بڕیاری دادوەری بەرایی یەکەم بەرەتکردنەوەی حەبسی قەرزار

السادة رئيس واعضاء محكمة أستئناف منطقة السليمانية المحترمون

المميزة:..................وكيلتها المحامية.........................

المميز عليه: ..................وكيله المحامى.......................

جهة التميز:

اصدر السيد قاضى بداءة الاول بتاريخ / /2008 فى الاضبارة التنفيذية المرقمة.... قرارا تضمن رد طلب موكلتى بخصوص حبس المميز عليه – المدين- للاسباب المذكورة فى القرار وبما ان القرارمخالف لاحكام القانون ومجحف بحق موكلتى لذا بادرنا الى تميزه ضمن المدة القانونية طالبين نقضه للاسباب التالية:

1. ....

2. .....

3. .......

عليه وللاسباب المذكورة اعلاه راجين تدقيق القرار المميز واصدار القرار العادل بنقضه.

ولكم جزيل الشكر و التقدير.

وكيلة المميزة

المحامية ............

بموجب الوكالة الخاصة المصدقة من قبل المنفذ العدل فى / /2008

وكيلة المميزة

المحامية ............

بموجب الوكالة الخاصة المصدقة

من قبل المنفذ العدل فى / /2008